# ئاگاداری دووهەمین کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئوروپا

پاش بڵاوبوونەوەی بانگەوازی دووهەمین کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئوروپا کۆمەڵێک پرسیار و رەخنە و داواکاری، لە لایەن کۆمەڵێک لە شانۆکارانەوە باس کراون، کە بەشێکیان راستەوخۆ بە دەست ئێمە گەیشتوون کە پێویست بە روونکردنەوە دەکات.

یەکەم پرسیاری ئەو بەڕێزانە دەگەرێتەوە بۆ ئەو رستەیە کە لە بانگەوازەکەدا هاتووە:
" **سەرنج:** لێژنەی کۆنفرانس ناتوانێ هاوکاریی مادی گروپەکان، بۆ هاتن بکات. "
**روونکردنەوە:** لێژنەی رێکخەری کۆنفرانس کە پێنج کەسن لە لایەن بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەمەوە ئەرکی رێکخستنی کۆنفراسیان خراوەتە ئەستۆ، هیچ یارمەتیەکی مادیان لە لایەن کورد و نە کوردەوە بە دەست نەگەیشتووە و لە سەر ئەرکی مادی خۆیان ئەو کۆنفرانسە بەڕێوە دەبن.
**سەرە ڕای ئەوە، لێژنەی کۆنفرانس رایدەگەیێنێ کە خەرجی هەموو میوانەکان کە لە کوردستانەوە بەشداری کۆنفرانس دەکەن، لە رۆژانی کۆنفرانس لە ئەستۆی لێژنەی کۆنفرانسە.**
بۆ ئاگاداری ئەو بەڕێزانە کە چاوەڕوانی کڕینی بلیتی تەیارە لە کوردستانەوە بۆ ئاڵمان لە ئێمە دەکەن رایدەگەیێنین،بە دەگمەن خەرجی وا دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی ئەو چەشنە فستیواڵانە، بۆ وێنە فستیواڵی جیهانی شانۆی ئاماتۆر، فستیواڵی جیهانی خوێندکارانی زانستگاکان یان فستیواڵی جیهانی شانۆی لاوان و مێرمنداڵان، ئەرکی بلیت و بێتاقەی گروپەکانی شانۆ وەئەستۆ ناگرن!

پرسیاری دووهەم یا خۆ رەخنەی دووهەم دەگەرێتەوە بۆ ئەو رستەیە کە لە بانگەوازەکەدا هاتووە:
"**تێبینی:** دەقی شانۆنامە و زانیاری لە سەرگروپەکان، دەبێ هەتا 2007/9/1 (10خەرمانانی 2707) بگاتە لێژنە!

**روونکردنەوە:**لە سەر داوای ئەو بەڕێزانە ئەو ماوەیە**هەتا کۆتای مانگی سپتامبر درێژ دەکرێتەوە.**

<u>**چەند روونکردنەوەیەکی تر:**</u>

زۆر کەس بەر لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی دووهەمین کۆنفرانس و پاشان، بە ئێمەیان گووتوە و دەڵێن داوای یارمەتی لە حکومەتی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری لە باشوری کوردستان بکەیِن.
بۆ ئاگاداری ئەو دڵسۆزانە و سەرجەم کۆمەڵگای کورد رادەگەیێنین کە بەرپرسانی وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لە هەولێر، خۆیان بە یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی کۆنفرانسیان گوتبوو کە ئامادەی هاوکاری هەن، بۆ لە دارخستنی کۆنفرانس.
هەر بۆیە پاش قسەکردن و تەلەفون کردن و نامە نووسین، داوایان لێکردین پروگرام و ئامانجەکانی کۆنفرانس و خشتەی خەرجی کۆنفرانس، بە رەسمی بۆ ئەو وزارەتخانەیە و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ بنێردرێ. پاش تێپەڕبوونی ماوەی دیاری کراو لە وڵامدا نووسیان:

**" ببورن لە بەر باری بودجەی حکومەتی هەرێم کە دەبێ دەس بگێڕینەوە ناتوانین بەشداری چالاکیەکانتان ببین."**

**سەرەڕای ئەم وڵامە، لێژنەی کۆنفرانس بە رەسمی وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی شانۆی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانس بانگ کردووە. هەر لەو نامەیەدا لێژنە داوای لە وەزراتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ کردوە کە یارمەتی شانۆکارانی ناوخۆی وڵات بدات بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانس کە وڵامی ئەم نامەیەش بە دەست ئێمە نەگەیشتووە، بەڵام لەوە دەچێ ناوەرۆکی نامەکەی ئێمە لە کوردستان بڵاوکرابێتەوە.**

**چۆنیەتی بەشداری کردن لە سمینارەکان**

**لێژنەی کۆنفرانس بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئەو بەڕێزانەی کە لە کوردستانەوە خوازیارن بەشداری سمینارەکان بکەن و رەنگە نەتوانن بگەنە ئاڵمان، رایدەگەیێنێ کە ئەو کەسانە هەر لە شارەکەی خۆیانەوە دەتوانن بەشداری سمینارەکان بکەن و بابەتەکانی خۆیان پێشکەش بکەن و بەشداری سەرجەم گفتوگۆکانی کۆنفرانس بن. شێوەی بەشداری ئەو بەڕێزانە پاشان رادەگەیێندرێ.**

**چۆنیەتی وەرگرتنی ویزا**

**هێندێک لە دۆستان لە باشور و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە پێوەندی لە گەڵ وەرگرتنی ویزا پرسیاریان کردووە. بۆ ئەو دۆستانە و هەر کەسێکی تر رادەگەیێنین لێژنەی کۆنفرانس لە دوا کۆبوونەوەی خۆیدا لە رۆژی 13ی مانگی سپتامبر کەسێکی لە لێژنە بۆ کاروباری ویزا و دەعوەتنامە دیاری کردووە، تکایە هەموو ئەو گروپە شانۆیانە و هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ سمینارەکان ئامادە کردووە، بە زووترین کات زانیاری پێویست و کۆپی پاسپۆرتەکانیان بۆ لێژنەی کۆنفرانس رەوانە بکەن تا بە زووترین کات، دەعوەتنامەیان بۆ رەوانە بکرێ.**

**تکایە ئەگەر لە وڵاتانی ئوروپاش کەس یان کەسانێک بۆ بەشداری لە کۆنفرانس و هاتن بۆ ئاڵمان گرفتی تایبەتیان هەیە ئاگادارمان بکەنەوە. داواش لە هەموو میوانان و بەشدارانی کۆنفرانس لە وڵاتانی ئوروپی دەکەین بۆ دیاری کردنی جێگای مانەوەیان لە شاری مونیخ لە رۆژانی کۆنفرانس ئاگادارمان بکەنەوە.**

shanokarikurd@arcor.de

شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا